# ئافەرین الشرقیه

نامق هەورامی
namqhawramy@yahoo.com

**ئێمەو عەرەب دوونەتەوەو دووکلتورو دوو نیشتمان ودوو.....لێك جیاوازین**

**هەرگیزیش نابینە خەڵکی یەك وڵات ویەك نەتەوە ،بەڵام هەردووڵامان درۆ دەکەین ، عەرەب حەزی لە سەردەستییە لەسەر حسابی کورد وخۆیان بە باوك و وەلی ئەمرو مامۆستای ئێمە دەزانن ،ئەی ئەوە نیە مەلاکەی ئەزهەرو رابەر سیاسی هێزەکانی جە نجەوید وخزمەکانی عادل ئیمام و کورەکانی بەنی قورەیش و خزمانی فەلوجەوموسڵیش رێنماییمان دەکەن بۆ رێگای راست وخواعەفوی کات جەنابی مەلاقاسم ( مەبەستم قاسم سوڵتان نییە ) ئەوەی فەتوای کوشتنی کوردی داو فەتواکەی سەری خوارد ئەویش درێغی نەکرد .**

**رەوایە باڵوێزو قونسوڵی ئیسرائیل لەوڵاتان هەبێت بەڵام گەر رۆژنامەیەك بنوسێت ئیسرایل وکورد پەیوەندیان هەیە ئەوا دنیامان بەسەردا خراپ دەکەن ، هەرچەندە ئەگەر سودمان لەو پەیوەندییانە وەرگرتایە ئەوا ئێمەش شت دەبوین .**

**بەهەر حاڵ کەناڵەکە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تائەمرۆ سێ جار تەماشام کردوە لەوسێ جارەدا دوو هەڵەی زۆر سەیرو سەمەرەی کرد بەم جۆرە:**

***/رۆژی 2004/8/7 کاتژمێر سێو پانزە خولەکی پاش نیوەرۆ لەبەرنامەی ( یومیات المدینە )شاییەکی جوانی شەوێکی سەرچناری نیشاندا لەبنەوە نوسرابوو ( اربیل- سرجنار )!!!!**

***/رۆژی 3شەممە رێکەوتی 2004/8/14لەکاتی نیشاندانی هاوینەهەواری دوکان نوسرابوو( سلیمانیە – بابان )!!!!**

**من نامەوێت لەسەر ئەمە هیچ بڵێم تەنها ئەوەندە هەیە دەزانم نەدەکراو ناکرێت ئێمە وئەوان یەك بین چونکە دڵنیام ئەگەر کوردستان یان کوردسات هەڵەیەکی وای بکردایە بۆیان دەکردینە هەڵڵا**

**سڵاو لە برامان برایی و وڵاتمان جیایی**